# ڕەخنەیەك لە ڕەخنەوڕەخنەگرەكانی دەسەڵاتی كوردی

كەمال ڕەئوف

لەوكاتـەوە كـە كـورد نیمچەدەسـەڵاتدارێتیەكی خۆبەرێوەبردنـی لەچەندشـارێكی كوردسـتانی باشـوور كەوتۆتە دە ست وبەچەند قۆناغ و شـێوازی جیاوازی دەسـەڵات و گەمـەی سیاسـیدا تێپەڕیوە، لەبەرابەرئەودەسەڵات ورووداوانەی ئەوچەندساڵەدا ڕەخنەی ڕۆشـنبیران لەسـەرفەلەك وئـەو شێوازە چەقی بەست ومایەوە كەهەر لەسەرەتاوە شكڵی ئەوەی بەخۆیدا كەزۆربەی ڕەخنەگرەكان وەك تاكێكی دەرەوەی سیاسـەت بمێنـنەوەو بەتـەنها كاریان ئەوەبێت كەموكوڕیەكان ئاشكرابكەن و بەشوێن چارەسەردا نەگەڕێن، ئەمەلەگـەڵ ئـەوەی ئـەو كاتـەی دەسـەڵات فیفتـی بەفیفتـی بەسـەر پارتـی و یەكێتـیدا دابـەش بـبوو، ئەوكاتـەی كەشـەڕی ناوخۆلەلوتكەدا بـوو، ئەوكاتانـەی كەقوناغـی نەشـەڕ نەئاشـتی درێـژەی كێشا ئێستاشـی لەگـەڵ بـێت كەرژێمی بەعس ڕووخاوەو قوناغێكـی نـوێ هاتـۆتەئاراوە كەچـی ڕەخـنەكان هەرئـەو جـۆرە ڕەخـنانەن كـەداوا لـەو حیـزبانەدەكەن تاخـۆیان چـاك بكـەن و لەئاسـتی ئـەو هەلـومەرجەدابن كەبۆدۆزی كورد هاتۆتەپێشەوە، چەق بەستن لەسەر ئەو مۆدێلە لەڕەخنە هەڵەكەی لەوێدا زەقتر دەبێـتەوە كـە دەرفەتـی دەدایـە دەسـەڵات تاكـو خـۆیان لەژێـربیانووی سـاوایەتی ودواتربەڵێنـی درۆییـنەدا لەوەڵامـی ڕەخـنەكان بدزنـەوە و ڕەخـنەكان بەتـەنها وەك قسەی سـەركاغەز دەمانـەوە، مـن نـازانم هـیچ كاتـێك ڕەخنەگـر بەمـێژووی ئەوچەندساڵەی ڕەخنەگـرتنەكاندا چـوەتەوە و ئـەو پرسـیارەی لەخـۆی كـردووە كە لەبەرامبەر ئەو دەریا ڕەخنەو گلەیی و گازندەی چەندساڵەدا، دەسـەڵاتی كوردی چی كـردووە و چـی نەكـردووە ؟ یـان ئاخـۆ كـەس لـەوەی پرسیوەتەوە تاكو ئێستا سەرباری زۆرو جدی بوونی ڕەخـنەكان هـیچ بەرپرسـێكی حیزبـی و حكومـی لەژێـركاریگەری ڕەخنەیەكـی دیاریكراودا دەستی لەكار كێشاوەتەوە؟ یان ڕەخنە ڕۆژێـك لـەڕۆژان توانیویەتـی شـوێن بـە مستەشـاروكۆنە بەعسیەك لـە ئـیدارەو دەسـەڵاتی كـوردیدا لـێژ بكـات ؟ كەڕەخـنە نـەك هەرنەیتوانـی شـەڕی ناوخـۆ بوەسـتێنێت بەڵكـو نەشـیتوانی پێشـمەرگەیەكی دیلـی ئەوشـەڕە ئـازاد بكـات، ڕەخـنە كـە نەتوانـێت بیرۆكراتیەتـی حیزبی لەناوكۆمەڵ و ئیدارەدا كەم بكاتەوە و كەنەتوانێ مەوداكانی دیموكراتیەت لەماوەی دوانزەساڵدا بەئاستێكی بـاش فـراوان بكاتـەوە وكـە نەتوانـێت توندوتـیژی لەكۆمەڵداكەم بكاتـەوەو بـەردەوام لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگوێ بخرێت و وەك قسـەی زل و بێـناوەرۆك مامەڵـەی لەگەڵـدا بكـرێت، ئیتردەبـێت ئەوكاتـە ڕەخنەگـریش هـەم بەشـێوازی ڕەخـنەكەیدا و هـەم بەخۆیشـیدا وەك ڕخنەگـرو تاكێكـی ئەكتیڤـی ناوكـۆمەڵ بچـێتەوە، كاتـێك ئـێمە لـەدوای دوانزەسـاڵ ڕەخنەگرتنـی چـڕوپڕ كەدەبیسـتین تاكوئێسـتا فلاَن ئەندامـی ڕێكخـراوی مافـی مـرۆڤەو خۆیشـی شـەش ژنـی لەیـەك كاتـدا هەیـە ! یـان سەركردەیەكی حیزبـی دەسـەڵاتدارو بەرپرسـی ڕاگەیاندنەكـەی لەڕوپـەری ڕۆژنامەكەیانـەوە وەك هاوڵاتیەكـی ئاسـایی دەنوسـێ و دەپرسـێ حكومەتەكوردیەكان بۆیەكناگـرنەوە؟، كاتـێك لـەدوای ئـەو هەمـوو چاوەڕوانی ولێبوردنەی خەڵك لەهەڵەو كەمووكوڕی وناهەقی حیـزب وبەرپرسـە حیزبـی و ئـیداریەكان كەئێسـتا دەبیسـتین تاكـو دوا لەحزەكانـی مردنـی بـەعس چـەندێكیان پەیـوەندی ژێربەژێـریان لەگـەڵ ئـەو ڕژێمـەدا هەبـووە، ئیترلێـرەوە یـە تۆناتوانـی بـیر لـە وەنەكەیـتەوە و ئەوپرسـیارە لەخـۆت نەكـەیت كە ئاخـۆئایا ڕەخـنەكان وەك پێویسـت و كاریگـەر نەبوون ؟ یان ڕەخنە لێگیراوەكان بڕوایان بەڕەخنە لێگرتن نەبووە؟ ڕەنگە وەڵامی دروسـتی ئـەو پرسـیارە ئەوەبـێت كەبەشـێك لەكێشـەكان لای چۆنیەتی ڕەخنەكان و هەڵوێستی ڕەخنەگرەكانەوە بووبێت، چونكە بەدرێژایـی ئەومـێژووەلای ڕۆشـنبیران ئـەو مـودێلە لەڕەخنەگـرتن پەیڕەوكرا كە زیاتر بۆ وولاَتێكی خاوەن دەستوورو دیموكراتی دەگـونجا، ڕەخنەلێگـراوانیش والەدیموكـراتیەت تێگەیشـتن، كـەمادام ڕەخـنە هەیـە ئـیتر هـیچ شـتێك نەماوەتـەوە بۆسـەلماندنی دیموكـراتیەت كەجێبەجێـیان نەكـردبێت و ئەوهەلـەیان قۆسـتەوە كەڕەخنەگـرەكان تـەنها ئەوەنـدە جـدی و ئامادەبـوون تاكوڕەخنەكانـیان ئاشـكرا بكەن، لەم قوناغە تازەیەشدا هەق وایەگەر ڕەخنەگر دەیەوێت ڕەخنەكەی بەمردارەوەبووی نەخاتەڕوو یـان خـۆی بـەلاواز نیشـان نـەدات، دەبـێت خـۆی لەوەسـیلەكانی تـری فشـاربۆهێنان تـەریك نەكاتـەوە و بەتـەنها شـێوازێك لـە ڕەخنەگـرتن خـۆی وجـەماوەر ڕازی نـەكات چـونكە بەدڵنیاییەوە لەئاستی ڕەخنەدا گوێی سیاسیەكوردەكان زۆر لەوە قورسترن كە ڕۆشنبیران پێشبینی دەكەن.

**تێبینی كوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.**